کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 15:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ خوشکی بەڕێز بێریڤان جەمال حمە سەعید... کاوە پێنجوینی

خوشکێکی بەرێز بەناوی بێریڤان جەمال حمەسەعید بابەتێکی گرنگی سەبارت بە ڕۆڵی ژن لە بواری ڕۆشنبیری ئەمرۆی کوردستاندا وروژاندووە. بۆڕوونکردنەوەی باری ئەمرۆی دۆزی ژن گەشتێکی بەرفراوانی بە مێژووی مرۆڤایەتیدا کردووە. و لە هەوڵێکی جدیدا بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی چاوی بە چەند کتێبێکدا خشاندووە.... خۆماندووکردنی جێگەی پێزانینە.

ئەم خانمە بەڕێزە یەکجار تووڕەیە لەو توندو تیژیانەی دەرهەق بە ژنی کورد ئەکرێت لەڕاگەیاندنەکاندا بەبڕوای ئەو ژنان دووچاری پەلاماردانی دەروونی ئەبنەوە.

هەرچەندە من تا بابەتەکەی ئەوم نەخوێندبۆوە نەمئەزانی و باوەڕم نەبوو کەژێردەستی ژن مێژویەکی ئەوەندە قوڵی هەبێت ئەوەتا ئەو هەموو فەیلەسوفە گەورانەی وەک نیتشەو (ناپلیۆن!) ئەوەندە خراپ بوبێتن دەرهەق بە ژن منێکی پیاوی کوردی هەژاری وەک هەر خۆی ئەفەرموێت خاک پارچەپارچەکراو کە مافی پرسیارکردنم هەر لەسەرەتاوە لێسەندراوەتەوەو بە گورگانەشەوێ خەوێنراوم هەرگیز دایکم کە ژن بووە چیرۆکێکی خۆشی بۆنەگێڕاومەتەوە ویەکەم چوارساڵی تەمەنم لەباوەشی ئەوی ژندا فێری گفت وگۆو پرسیارکردن نەبووم ئەبێت دەسەڵاتم چی بێت و چیم پێبگۆرڕێت.

خاڵێکی گرنگ کە ئەم خوشکە وروژاندویەتی باسی سوکایەتییە کە بەژنان ئەکرێت لە راگەیاندنەکاندا.

ئەگەر مەوزوعیانە چاوێکی بە مێژووی زۆر نزیکدا بخشاندایە ئەیزانی کە ژنان خۆیانن سوکایەتی بە خۆیان ئەکەن... هەموو پیاوی کورد ئاگای لە چالاکیە حیزبی و عاتیفیەکانی کەژاڵ ئەحمەد و ڤیان مجید هەبوو کەس بە پێویستی نەزانی پەردە لە سەر ڕەفتاریان هەڵماڵێت.. ئەوە ژنان خۆیان بوون ئاگایان لە ئیشی یەک بوو و بەغیلی و منافەسە وای لێکردن کە بەو شێوەیە خۆیان وحزبەکەیان بکەنە بنێشتە خۆشە. کە ژنێک پۆستێک وەرئەگرێت ئەوانی تر خۆیان زیاتر بەشایەنی ئەو پۆستە ئەزانن و پەلاماری ئەدەن... خانم ئەوە ئێوەن ئیرەیی بەیەک ئەبەن و چاوتان بەباڵای یەکدا هەڵنایەت.

خوشکە خنجیلانەکەم هەرچەندە هەوڵتداوە ناوی زل زل بئاخنێتە بابەتەکەتەوە ومەوزوعیانە بیربکەیتەوە بەلام هەر ژن بونت زاڵبۆتەوە بەسەرتدا و دەستتکردۆتەوە بەقسەوقسەلۆک وبابەتی لابەلا کە گوایە رەفیقەکەشت لێی قەوماوە وئەویش خۆشەویستەکەی جێیهێشتووە درێژە بەقسە بێ ئەساسەکانت ئەدەی و زانیاری بێنرخ بڵاوئەکەیتەوە زانیاریەک کە کەس پێی دەوڵەمەند نابێت... ئەم زانیاریە ژەهراویانە هیچ نین جگە لەو حەملە بەبەرنامەیە نەبێت کە ئەکرێتە سەر بیر ئازاد و قەڵەمە بوێرەکانی سەردەم.

خانم گیان لەهەموو فەرهەنگ وبۆهەموو زمانەکانی دونیا پێوەر هەیە بۆئەوانەی هەوڵی نوسین ئەدەن، ئەگەر ئێوەی ژن پێتان وایە کە تەنها وتەنها گەر گشت پێوەرەکان چۆکیانداادا لە ئاست مێینەبونتاندا وهەموو کاغەز ڕەشکردنەوەیەکتان بەشاکار ناوزەندکرا و گشت نەتەوە چاو بەرەوژێری نوکی خامەی خانمانتان بووا! ئەوسا ئێمەی کوردیش ئەگەینە ئاستێکی بەرزی روناکبیری، ئەوا منیش هەر بۆ موجامەلەی ئێوەی گفت و لفت خۆش بەڵێن ئەدەم لەپاڵ ئەرکی نەتەوەییمان لە قبوڵکردنی نوسەرە بێبەرهەم و بەهرەکانی حیزبدا، بەرهەمی ژنە بێناوەرۆک ودەرون شێواوەکانیش ئەخەینە سەرچاومان بەو هیوایەی بەم خزمەتەمان گەلی بێچارەمان بەرەو هیواو تروسکایی بردبێت.

هەر لەم میانەیەشدا داوای بەردەوامی بۆ تۆی بەڕێز ئەکەم و بەگەرمی دەستخۆشی ئەم بابەتە ناوازەیەت لێئەکەم.

kawa. penjweni@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.